# ئایا ڕاستە "مەسعوود محەمەد" کۆپی" دڵدار"ی شاعیرە..؟!

هەڵۆ بەرزنجەیی  ١٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٢







پێش چەند ڕۆژێک لە شوێنی چاوم بەنووسینێک کەوت باس لەم چاوپێکەوتنەی رەوانشاد مامۆستا عەزیز گەردی دەکات و تێیدا ئاماژە بە دەربرین و سەرنجی ناوبراو دەکات لەسەر مامۆستا مەسعوود محەمەد...

هەر زوو ماخۆلانم تێکەوت چۆن ئەم چاوپێکەتنە دەنگییە! بەدەستی بهێنم، پەیوەندیم بە برای بەڕێز کاک (ئیسماعیل تەها)وە کرد، دەستبەجێ بۆی ناردم - .لێرەدا لە خوارەوە گوێ بیستی بن-

لەوەش زیاتر بەخۆمدا شکامەوە ، چۆن لێی بێ ئاگام، ئاخر هەرچی لەسەر مەرگی گەردی نووسرا، خوێندمەوە... زۆرێک لێیان بۆ مەرامێکی سیاسی قسەیان بۆ ئەو کۆستە گەورەیە کرد، نەک وەک زیان و کەلێنێکی نەتەوەیی و لەدەستدانی کەڵە نووسەر و وەرگێڕێکی بێ هاوتا... هەر گەردیش قوربانی ئەم ئەقڵێت و دیاردە ناشیرینە نییە کە لە کوردستاندا پێڕەو دەکرێ و حیزب و دەسەڵات نەیەوێ گا دەکاتە کێچ و بوودەڵە و بزربووش فوو تێ دەکات بیکاتە پاڵەوان... دوێنێی مەسعوود محەمەد و کەریم زەند و جەمال نەبەز و ... هێدمان باش لەبیر و بەرچاوە! سبەینێشمان لەبەردەمدایە!!!! بەهەرحاڵ لێرەدا وەک زانیم بەڕێزێک بەناوی ( جوتیار قارەمانی) ئەم چاوپێکەوتنەی ئەمجام داوە...

کوالیتێتی بەرهەمەکە خراپە! خشەخش و دەنگی موزیکی لەسەرە! ئایا چاوپێکەونتی تەواوەو مامۆستا گەردی ئاگادارە و خۆی بۆ ئامادە کردووە یاخود هەروا لابەلا کراوە، ئەوە ڕوون نییە !دەنگەکە لەکاتێکدا دەبڕێ مامۆستا گەردی لەگەرمەی قسەکردنیدا لەسەر باسەکان...! سەرەتای گفتوگۆکە قسەکردنە لەسەر گەورەیی« نالی «و لێهاتوویی لە شیعر و زمان و سەلیقە و وێنەی شیعریدا...

مامۆستا گەردی دەپرسێ : تۆ کتێبەکانی مەسعوود محەمەدت لەسەر نالی خوێندۆتەوە؟ قارەمانی دەڵێ: هەردووم خوێندۆتەوە.. ئەوجا گەردی باس لە شارەزایی و توانای مەسعوود محمد و دەڵێ :مەسعوود محەمەد لە نالی وردتر بووە لە زمان دا و چەند نموونەتەک دێنێتەوە..

لێرەدا قارەمانی پرسیارێکی سەیروسەمەرە لە گەردی دەکات:

+ مەسعوود و دڵداری شاعیر کێبەرکێیان لە نێواندا بووە؟.

+ تا دڵدار لە ژیاندا بووە مەسعوود هیچی نەوتووە و نەنووسیووە؟ دوای مردنی دڵدار دەستی ون؟..

+ زۆری بیرەوەرییەکانی مەسعوود محەمەد هی دڵدارن؟...

دەمودەست مامۆستا گەردی بە**(وەڵلاهی قەت وا نییە)** وەرامی دەداتەوە....

بەراستی ئەم بیرورایە حەپەساندمی !تۆ بڵێی شتی وا هەبێت..؟!.. شتێ لای مەسعوود محەمەدەوە کەوا بیرورا و بەرهەمی دڵدارمان پێ بفرۆشێتەوە؟ ...!شتێ لەو خەیاڵ و بیرۆکە شەیتانیە بە مێشکی خوێنەری کورددا بگوزەرێ؟...

مەسعوود محەمەد.. دوور لە نووسینەکانی، کە دەیان کتێبی شاکاری بێ هاوتان لە کتێبخانەی کوردیدا، لەسەر فکر و فەلسەفە و مێژوو و کۆمەڵایەتی و ئەدەب و زمان و سیاسەت و هونەر و.. هتد،کە هەتا هەتا جێی شانازی کوردن کە دەکرێ بڵێین و گریمانەی ئەوە بکەین ، ئەمانە نووسینی دڵدارن و مەسعوود محەمەد بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردونەوە!!.. وەک ئەوەی لەگەڵ کتێب و نووسین و کتێبخانە و بەرهەمەکانی ( حەسەن قزڵجی) دا کراوە..!!

بەڵام مەسعوود محەمەد لە کۆیە و هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و بەغدا، لە دەرەوەی نووسین ، بە زیندوویی و بەرهەستی و بەرچاویی و کۆنکرێتی، نیو سەدە زیاتر لەنێو کۆڕی ئەدەب و سیاسەت و ناو جڤاکی کوردیدا دابووە، لە عێراق و جیهانی عەرەبی و ئێرانیش ناسراو بووە و دیبلۆمتکارانی ساڵانی ۱۹۵۰-۱۹۸۰ و دواتریش باش ناسیویانە و ئاگاداری بیرورا و نووسینەکانین..لەسەر ئاستی باڵا و بەرزیش کوردی و بێگانە بیروڕاکانی هەژماردی لەسەر کراوە و پرس و ڕای پێکراوە . هاوشانی ئەم راستینە حاشاهەڵنەگرانە:

+ مەسعوود محمەد رۆڵەی بنەماڵەیەکی دیار و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی زانست و رۆشنبیریی.
+ خوێندنی یاسای ۱۹٤٥ تەواو کردووە، ۷ ساڵی رەبەق لەخەڵوەتی خوێندنەوە و بیرکردنەوەدا نقوم بووە.

+ هەر لەم ساڵانەوە تێکەڵ بەسیاسەتی کوردایەتی بووە و پلە و پایەی بەرزی پێ سپێردراوە و بۆتە نوێنەر لە بەغدا.

+ لە پەرلەمان یەکێ بووە لە وتاربێژ و چالاکوانە هەرە دیارەکان و جێی سەرنجی دەوروبەری.

+ چەندین پۆستی جۆراوجۆر وەرگرتووە.. تێیدا سەرکەوتوو بووە..

+ لەسەرەتای ٦٠ ەکاندا لەسەر جوداوازی بیروباوەڕ واز لە پارتی دیموکراتی کوردستان هێناوە و بە چەند وتارێکی فکریی و فەلسەفی و سۆسیۆلۆژیی هێڵە گشتییەکانی بنەما بیریی نەتەوەیی کوردی دارشتووە .

+ لەدوای ۱۹۷۰ ەوە دەست کردووە بەنووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی..

وتاری لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کردۆتەوە.

+ بەشداری گفتوگۆ و چاوپێکەوتنی هەمەجۆریی رۆژنامەوانی و تیڤی کردووە...

+ لە کۆڕی زانیاری کورد ئەرکی گەورەی لەسەر شان بووە و لەنێوان سەدان نووسەر و ئەدیبی کوردا بووە ناسیویانە و گوێیان لە بیروباوەڕەکانی گرتووە...

+ ئاڵوگۆڕی نامەی لەگەڵ کەسانێکی زۆردا هەبووە...

+ سەدان شایەحاڵ ماون..

+ بیروڕای د. کەمال مەزهەر و هەژار و هێمن و خەتاب زێوەر ، عەزیز گەردی و ئەحمەدی قازی و فەرهاد شاکەلی و مامۆستا جەعفەر و سەدان و هەزارانی تر لە ئەدیبان و نوسسەران لەسەر مەسعوود محەمەد تۆمار کراوە.. وە خەرمانێ نووسین و گفتوگۆ و چالاکی و بەرهەمی تری هەمەجۆری بڵاوکراوە و نەکراوەی هەیە...

باشە گەر بێت وامان دانا، نووسینەکانی لە دڵدار وەرگرتبێ و پێی فرۆشتبێتینەوە؟ ئەی بۆ قسەکردن و وتاردان و گفتوگۆ زیندووەکانی دەڵێن چی؟ ...!

دڵدار لە ١٩٤٨ دا کۆچی دوایی کردووە. دوای ئەویش مەسعوود محەمەد وشک نەبۆوە و کۆتایی نەهات و تا پێش کۆچی دوایی ئەقڵی لەکاردا بوو؟..!

ئایا ئەمانە هێندە بەڵگە نین بۆ ئەوە بیسەلمێنن، مەسعوود محەمەد کوڕی ئەقڵ و فەلسەفە و جیهانبینی و ڕۆشنبیری خۆیەتی ...

گەر بهاتایە دڵدار تا ئێستاش بەرحەیات بوایە، مەسعوود هەڵکشاوتر دەبوو، چونکە لە بەهرەی ئەویش وەک هاوشاریی و هاوڕێ و هاوپیشە، سوودمەند دەبوو...

مەسعوود محەمەد لای مەلای گەورەی باوکی فرچکی بە کوردایەتییەوە گرتووە، نەک لە دڵدارەوە فێربووبێت؟!..دڵدار دوای ڕێکخراوی دارکەر و حیزبی هیوا ، کە نەتەوەیی بوون بووە چەپ..

بەکورتی هۆنینەوەی ئەو چیرۆکەی مەسعوود کۆپی دڵدارە، خزمەت بە هیچ ئامانجێک و بە هیچ شتێکی کوردیی ناکات و شتی دروستکراویش تەمەنی کورتە و شکستخواردووە..!

هیچ ئەقڵ و لۆژیکێک نییە بیسەلمێنێ! یەک تاقە ئارگومێنت نییە، ئەو پشت ڕاست بکاتەوە، کە مەسعوود محەمەد قوتابی دڵدار و میراتەکەی بۆخۆی بردبێ..

ئەم کارە گەر بنەمای هەبێت و ڕاست بێت، ئەوە ئاشکراکردنی دەبێتە خزمەتێکی گەورە، هەر نەبێت بۆ کۆتایی هێنان بەم نمایشت و شانۆگەرییە نەزۆکانەی دادەتاشرێن. دەنا وەکو تر بە هەوڵێکی ناکامی نارۆشنبیریی و ناژیرانە دادەنرێت .

گومانێک هەیە ئەم کارە هەر بۆ لێدانی ناو و ناوبانگ و گەورەیی و سەربڕینی مەسعوود محەمەد و کوشتن و کەمکردنەوەی بێت.. لێ نازانن (حاجی و نالی و کەیفی جوانڕۆیی و رەمزی نافع) و دەیانی تر مەسعوود محەمەد دەستیان بە هزر و قەڵەمە بە پێزەکەوەی گرتووە و دەپارێن...

من تێناگەم ئەم مەرامە خزمەت بەچی دەکات؟!.. دژایەتی مەسعوود تاکەی و بۆ ؟ ئەم دارە بەردارەی کورد تا کەی بەر لەقە و پەڵی بەردی زل دەکەوێ؟ ..ئەم ڕک و قینە و خۆخۆرییە لەپای چی؟... کەی لەنێو کایەی ڕۆشنبیریی کوردیدا کۆتایی بەم جۆرە کارە ناشیرینانە دێت؟...

با دۆست و نەیاران باش بزانن: مەسعوود محەمەد ئەقڵێکی گەورەی ڕسکاوی واقعی کوردەواریی و خاوەن تێڕامانێکی فراوان بوو ، ئەقڵێکی بیرکەرەوە و بەدیقەت و چالاک و شارەزا بوو، ئەقڵێکی قووڵ و ورد، بە پەرۆشەوە لەواقعی کورد دەڕوانی و لەسەرخۆ تەماشای جیهانی دەکرد و ورد و بە ئەسپایی هەنگاوی دەنا، ئەقڵێک بوو ئاگای لە مێژوو بوو و بایەخی بۆ کۆمەڵایەتی هەبووە و خۆشەویستی بێ سنووری بۆ مرۆڤ هەبووە... (کوردایەتی)ش کڵاوڕۆژنەی جیهانبینی بووە.ئەقڵێک بوو لە پانتای جیهاندا بۆ کورد دەژیا و بیریی دەکردەوە و تێدەکۆشا، ئەقڵێک بوو لەڕێی هێنانەدی بەختەوەرییدا بۆ کورد ، هەموو ئاواتی مرۆڤایەتیشی لەخۆیدا هەڵگرتبوو ..

ئەگەر دەربڕینی ئازاد لێم گەڕێ، دەڵێم ( پەیامبەری مرۆڤایەتی) ، چونکە هێندە بەها و پیرۆزیی و ڕێز و شکۆی مرۆڤ لە بیرکردنەوەی مەسعوود محەمەد دا ئامادەگی هەیە و کاری بۆکردووە. پێم وایە ئەم دیاردەیە لای کەم بیریار و فەیلەسووفی تر بەو شێوەیە ڕەنگ دەداتەوە..

https://m.facebook.com/story.php?story_fbid=5177035789052610&id=100002387198004